

# ئینتەرنێت لە شوێنی چەرخی جگەرە وەربگرن

مرۆڤ لە سەردەمێکدا دەژی کە بەبێ زانیاری نوێ، بەبێ بوونی هێڵی ئینتەرنێت ژیانی لا ئاسان نییە. تەنانەت ئەگەر لە گەشت و سەیرانیشدا بێت. بۆ گەشت و سەیران تەبلێت و مۆبایلە هۆشمەندەکان چونکە قەوارەیان بچووکە بۆ هەڵگرتن و گەشت گرنگن، هەرچەندە لە ڕێگەی تۆڕەکانی مۆبایلەوە دەتوانی ئینتەرنێت وەربگری، بەڵام ڕەنگە گونجاوترین شێواز ئەم ئامێرەبێت کە لێرەوە باسی دەکەین، ئامێری Gee Buzzard 24 بۆ وەرگرتنی هێڵی ئینتەرنێت لە ئۆتۆمبێلدا سوودی لێوەردەگیردرێت. ئامێرەکە لە شوێنی چەرخی داگیرسانی جگەرە لە ئۆتۆمبێلدا دادەنرێت و بۆیە قەت شەحنەکەی دانابەزێت و ئینتەرنێتی خێرا و بەبێ پچڕان بۆ ئەوانەی لە ئۆتۆمبێلەکەدان دابین دەکات.




دیواری ئاگرین لە جیهانی ئایتیدا بە (firewall) ناسراوە، زۆرتر بە شێوە نەرمەئامرازە، واتە سوفتێر، یان روونتر بڵێین: پرۆگرامە، کەمتر ئامێرێکی هاردوێر هەبووە کە ئەرکی دیواری ئاگرین ئەنجام بدات. لەم ڕۆژانەدا کۆمپانیایەکی ناسراو لە بواری سیکۆرتییەوە، ئامێری Bitdefendor box بۆ بەرگری کردن لە تۆڕە بچووکەکانی ماڵ و نووسینگەکەکان خستە بازاڕەوە. ئەم ئامێرە دیواری ئاگرینە، دەبێتە دیوارێکی ئاگر لە ئاست هەڕەشە و مەترسییە ئەمنتییەکانی وەك سیخوڕی، ڤایرۆس و ترۆجان.

# بتڵەکانی ئاو دەبنە جلی لەبەرکردن!





قـــەد بە زەینتانـــدا هاتووە رۆژێك دابێـــت لەم بتڵە ئاوە پلاســـتیكییانە كە رۆژانـــە چەندین جار دوای خواردنەوەی ئاو فرێیان دەدەین، جلوبەرگ دروست بكرێت؟! چەند ساڵێك دەبێت هەوڵدراوە ئەو زبڵ و خاشاكەی ماڵەوە كە فڕێ دەدرێن، جارێكی دیكە سوودی لێوەربگیردرێتەوە. سوڕی ریسای كلین واتە دووبارە ســـوودلێوەرگرتنەوە لە زۆر وڵاتی جیهاندا بۆتە سەرچاوەیەكی ئابووری و داهات، تەنانەت هەندێـــك وڵات هەوڵیانداوە لە وڵاتانی دیكەش زبڵ و پاشەڕۆ بێنن و سوودی لێوەربگرنەوە. ئێوەش لەمەولا هـــەر لەماڵەوە دەتوانن لە بتڵە ئاو و بتڵە پیپســـی بەهۆی ئامێری pete كە لەلایەن داهێنەرێكی تەكنەلۆژیای ســـەردەم كە بـــە رەگەز هەنگارییە بەناوی kovaces apuR چێكراوە جلوبەرگ دروســـت بكەن. ئامێرەكە بە دیواردا هەڵدەواســـرێت و پرۆگرامێك كە لە ئامێرەكەدایە و داوا دەكات ئـــەو جلەی دەتەوێ چ ئەندازەیەك بێت، رەنگی چۆن بێت و ستایلی چۆن بێت، بەهۆی ئەوەوە دیاری دەكەی كە چ جۆرە جلێكت دەوێ، ئیدی لەسەر بەكارهێنەر پێویستە تەنیا لە سەرەوە بتڵە ئاو و پیپسی تێبكات و لە خوارەوەش جلی مەبەستی خۆی وەربگرێتەوە. بەم كارە هەم ژینگە لە مەترسی پیســـبوون و لەناوچوونی بەهۆی ماددەی پلاستكییەوە رزگاری دەبێت و هەم جلوبەرگێكیش بۆ بەكارهێنەرەكەی دروســـت دەبێت. دیارە ئەو ئامێرە هەتا ئێســـتا نەچۆتە بواری بەرهەمهێنانی زۆر و بەربڵاو و تەنیا بۆ تاقیكاری چێكراوە و سەركەوتووش بووە.

# دیواری ئاگرین ئەمجارەیان بەشێوەی هاردوێر



ئامێری ناوبراو جگە لـــە ئەركی خۆی وەك رۆتێرێكی سەربەخۆش سوودی لێوەرەدەگیردرێت. بەرێوەبەری بەشی ئەمنییەتی كۆمپانیای بەرهەمهێنی ئامێرەكە رایدەگەیەنێ كە "بۆكس" لە نێوان كۆمپیوتەر و رۆتێردا وەك ئامێرێكی چاودێـــری تـــۆڕ دادەنرێـــت و خێرایـــی ئەنتەرنێتیـــش دانابەزێنێ.

ئامێری Bitdefendor box تەنیا گرنگی بۆ كۆمپیوتەر نییـــە، بەڵكو بـــۆ كامێـــرا چاودێرییـــەكان، تەلەڤزیۆنە هۆشـــمەندەكان و ئامێرەكانـــی دیكە كـــە پەیوەندییان بە ئینتەرنێتەوە هەیە.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان

سڕینەوەی یەکجارەکی پرۆگرامێك، دژوارترە لە دانانی پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەر، چونکە بەشێك لە پرۆگرامەکان دوای سڕینەوەشیان شوێن پێی خۆیان لەسەر کۆمپیوتەر جێ دەهێڵن. پرۆگرامێك گەلێك هەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. یەکێك لەم پرۆگرامانە پرۆگرامی Advanced Uninstaller PRO یە، تواکانی پرۆگرامەکە بەم شێوەیەن:

- ناسینەوەی پرۆگرامە تەواو دانەبەزیوەکان لەسەر ویندۆزو سڕینەوەیان.
- ڕێکخستنی ئەو پرۆگرامانەی لەکاتی هاتنە سەری ویندۆز ئۆتۆماتیکی دەکرێنەوە.




# کاتژمێری کامێرا، یا فڕۆکەی بچووک

تەکنەلۆژیای سەردەم هەنگاوەکان بەرەو کوێ دەنێ و لە کوێ دەوەستێ؟! پرسیارێك کە وەڵامدانەوەی نییە. ئەم ئامێرەی لێرەدا دەبینن، وەك کاتژمێر یان مەچەکبەندێك دەچێت. بەڵام کە لە دەستت دەرهێنا ئەوە دەبێتە فڕۆکە و دەفڕێت و وێنە بە کوالیتی بەرز لە چوار دەوروبەری دەگرێت.

(nixie) ناوی ئەو ئامێرەیە کە لە کێبرکێی ساڵانەی کۆمپانیانی ئەنتەلدا سەرنجی پسپۆران و بەشداربووانی کێبەرکێیەکەی راکێشا. وێنەکانی کە بە کامێرای مەچەکبەندە فڕۆکەکە دەگیردرێن، فول ئێچ دین. کاتێك مەچەکبەندەکە دەفڕێت، بە دوو شێوە سوودی لێدەبیندرێت، جۆرێکیان دەڕوات وێنەی مەبەست دەگرێت و دواتر دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، جۆری دووەمیان بە دوای سەری بەکارهێنەرەکەیدا دەڕوات.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك دەپرسێت مۆبایلێکم هەیە کە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، بەڵام ماوەیەکە خێراییەکەی وەك جاران نییە و لەسەرخۆیە، هۆکارەکەی چییە و چ هەنگاوێك بگرمە بەر بۆ ئەوەی کە خێراییەکەی وەك جاران بێت؟

خوێنەری بەڕێز، هۆکارەکانی دابەزینی خێرایی سیستەمی مۆبایل گەلێکن، وەك بوونی ڤایرۆس، بوونی پرۆگرامی سیخوڕی، کارابوونی پرۆگرامگەلێك بەبێ ئەوەی کە هەست پێبکەی. پرۆگرامی دژە سیخوڕی و ڤایرۆس لەسەر مۆبایلەکەت دەبێت هەبێت، بۆ لابردنی ئەو پرۆگرامانەی کراونەتەوە، سەرەتا بچۆ بۆ بەشی Settings دواتریش بەشی Applications manager دوای ئەوەش فەرمانی All لێبدە، ئێستا ئەو پرۆگرامەی نیازت هەیە ئەکتیف و کارا نەبێت، فەرمانی Disable لێبدە و ئۆکەی بکە، خێرایی مۆبایلەکەت دەچێتە سەرێ..




- ڕێکخستنی فۆنتەکان و سڕینەوەو دانانیان لەسەر ویندۆز.
- سڕینەوەی فایلە زیادییەکانی ویندۆز.
- توانای سڕینەوەی ئەو فۆڵدەرانەی کە ناسڕێنەوە.
- سڕینەوەی گشت ئەو سایتانەی کە لە ئینتەرنێتدا سەردانیان دەکەین بۆ ئەوەی کە کەسانی تر نەزانن چ سایتێکمان کردۆتەوە.
- خێراییەکی زۆر لە بەدواداگەڕان و سڕینەوەی پڕۆگرامەکان.
- گونجان لەگەڵ گشت ڤێرژنەکانی ویندۆز بۆ نموونە ویندۆز7 و ویندۆز 8.




# تەنیا بە ئاماژە کردن کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکە

مرۆڤ ئەوەندە لەبیری حەسانەوەی جەستەییدایە بۆیە پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای داگرتنی دوگمەکانی ریمۆت کۆنترۆڵیشیان لەلا زەحمەت بووە بۆیە خەریکن ریمۆت کۆنترۆڵ چ دەکەن بە دەنگ یان بە ئاماژە کردن فەرمانەکان ئەنجام بدات.

ئامێری Onecue مرۆڤ لە کۆڵ ریمۆت کۆنترۆڵ دەکاتەوە و ئیدی پێویست ناکات بۆ هەموو ئامێرێك ریمۆت کۆنترۆڵێکی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئامێرەکە لەڕاستیدا بۆ دەزگاکانی دەنگ و ڕەنگ چێکرابوو، بەڵام دەکرێت لەگەڵ گشت ئامێرەکانی دیکەش بگونجێت. دەکرێت بە ئاسانی لەنێوان ئامێرەکانی ماڵەوە یەکێکیان هەڵبژێری و پاشان فەرمانەکانی تایبەت بەو ئامێرەی هەڵتبژاردووەبە Onecue بسپێری، بۆ نموونە ئەگەر پەنجەکانت لەسەر لاپتۆپ دابنێی، لاپتۆپەکە بێدەنگ دەبێت، یان ئەوکاتەی دەست هەڵدەگری فیلمەکە نیشان دەدات. ئامێری on-ceue هەردوو سیستەمی تیشکی X و وای فای تێدایە، هەربۆیە لەگەڵ هەموو ئامێرێك چ کۆن و چ نوێ دەگونجێت.



# سایتێک بۆ خێرایی هەڵسەنگاندنی تایپکردن

خێرایی تایپ کردنەکەت چەندە، دەتوانی لە خولەکێکدا چەندە وشە بنووسی؟ حەزدەکەی ڕاهێنانی تایپکردن بکەی؟ گەلێك پڕۆگرام هەن کە ئەرکیان ڕاهێنان و فێرکردنی تایپ کردن بە دە پەنجەیە. گەر تۆش حەز دەکەی بزانی خێرایی تایپکردنەکەت چەندە سەر لە سایتی fastfingers.com بدە، دەست بکە بە تایپ کردن، ئەویش نە تەنیا بە عەرەبی و ئینگلیزی بەڵکو بە زمانی مەبەستی خۆت و تەنانەت زمانی کوردیش..ر ۆژانە تەنیا ئەگەر نیو کاتژمێر لەسەر ئەم سایتە خەریکی ڕاهێنان بی لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانی بە باشی بە دە پەنجە بنووسی.